# پیاهەڵدان بە(جەژن)ی لەسێدارەدان،دونیای پڕ لەقێزەوەنی ناسیونال شۆڤینیزم.

لە پەراوێزی نوسراوەیەکی علی محمود سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاک

عرفان کریم
arfan96@yahoo.de

یەکێک لەخەسڵەتە دژە ئینسانی وسەرکوتگەرانەی رژێمی ناسیونال شۆڤینیستی بەعس بە درێژایی تەمەنی مانەوەی لەدەسەڵاتدا داسەپاندنی سزای ئیعدام و گوللەبارانکردنی نەیارانی خۆی و پاشان ئەنجامدانی ئەم کردەوە قێزەوەنە بە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکەوەبوو، ئامانجی سەرەکی رژێم لەئەنجامدان وبەرێوەبردنی ئەو جۆرە سزایە وبەو شێوە درندانەیە تەنها سزادانی ئەو کەسانە نەبوو کە لەبەرامبەر دەسەڵاتە رەشەکەیدا هاتبونە دەنگ یاخود تاوانێکی دیاریکراویان ئەنجام دابێت، بەڵکو لەبنەرەتدا مەبەست لەم کوشتنی بەئەنقەستە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندن لە نێو مخالیفی خۆیدا و هاوکات داسەپاندنی روحی بێ ئومێدی وشکست لەنێو ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی شۆرشگێرو ناڕازیدا بوو،جەماوەرو خەڵکی شارەکانی کوردستان بەتایبەت ئەوانەی تەمەنێکیان لەژێر سایەی حاکمیەتی دیکتاتۆری ئەم رژێمەدا بردەسەر هەرگیز ئەو دیمەنە ترسناک و جەرگ برانەیان لە بیر ناچێ کە چۆن کاتێک هێزە سەرکوتگەرەکانی ئەمن وئیستخبارات بەزۆر خەڵکیان کۆدەکردەوەو بەرەو مەیدانێکی دیاریکراو لە نێو شاردا راپێچیان دەکردن بۆ تەماشاکردن و سەیرکردنی چۆنیەتی بەرێوەبردنی تاوانی چەپەڵی گوللە بارانکردنی چەند کەسانێک کە دەست وپێیان بەستراوەتەوەو پارچە پەرۆیەکی رەشیش بەدەم چاویاندا درابوو، وەحشیگەری ئەو رژێمە لەئاستێکدا بوو کە بەبێ لەبەرچاوگرتن وگوێدانە تەمەن وئاستی توانایی خەڵک لە بینینی ئەم قەسابکاریەدا، تەنانەت منداڵانی قوتابخانە سەرەتایی وناوەندیەکانیش بەزۆر راپێچی ئەو شوێنانە دەکرد.

دەستبردن بۆ ئەم جۆرە تاوانە لەلایەن رژێمی بەعسەوە کردەوەیەکی زۆر نامۆ وسەیر نەدەهاتە بەرچاو چونکە بەرێوەبردنی سزای لەسێداردان یاخود گوللە بارانکردن وئەم جۆرە لەتاوانی کوشتن بەئەنقەستە وەک کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە لەمێژووی رەوتە ناسیونال شۆڤێنیستەکاندا زۆر دڕندانە لە جیهاندا پێشوتر دەستی بۆبراوەو لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و پۆلیسی سیاسی یەوە ئەنجامدراوە،پەلامارو رەشەکوژیەکانی نازیستەکان لەئەڵمانیا و فاشیستەکان لەئیتالیا وکردەوەی بەکۆمەڵکوژی خەڵک لەئیسپانیای سەردەمی فرانکۆدا وجەنگی قەبیلەیی ومەزهەبی لەراوەنداو کوشتاری قەومی لە یوغسلافیا نزیکترین نمونەن لەپەیوەند بەم راستیەوە.

ئەوەی لەم نێوەدا زۆر جێگای مەسخەرەو نەفرەتە ئەوەیە لە کوردستانداو پاش ئەو مێژووە تاڵ خوێناویەو ئازارکێشان و نالاندنی سێ نەوە لەخەڵکی کوردستان بەدەست فەرهەنگی کوشتن گوللەبارانکردن ولەسێدارەدان وتۆقاندن بەدرێژایی حوکمی ڕژێمی بەعس وپاش لەناوچوونی ئەم دەسەڵاتە،هێشتا گروپێک یان کەسانێک هەبن بانگەواز بۆ لاسایی کردنەوەو دووبارە ئەنجامدانی ئەو جۆرە لە رەفتارە قێزەوەن ودژە ئینسانیە بکەن وپرۆسەی چۆنیەتی لەسێدارەدانی کەسێک بە (جەژن) گێران ناو لێبنین، لەبەرواری 12.10.2007 علی محمود محمد سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاک نوسراوەیەکی لە ژێر ناوی (پاناڕۆمای جەژنی لەسێدارەدانی علی کیمیاوی) لەسەر ماڵپەری کوردستان نێت دا بڵاوکردۆتەوە، ئەم نوسراوەیەی علی محمودمحمد بەئاشکرا خۆی لەچوارچێوەی ئەو بیروڕاو بۆچونە کۆنەپەرستانەدا دەبینێتەوە کە هێشتا بەعەقڵیتی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی سەدە تاریکەکانی مێژوو بیردەکەنەوە ،واتە عەقڵیەتی تۆڵەی کوێرانەو پێشیلکردنی سەرجەم بەها مرۆیی یەکانی ئەم سەردەمە وهاندانی خەڵک بۆ بەرز ڕاگرتنی فەرهەنگی کوشتن و توندو تیژی ،زۆر بەسادەیی لەگەڵ خوێندنەوەی چەند دێرێک لەو نوسراوەیەدا بەروونی ئەم راستیە دەبینین ،بۆ نمونە کاتێک باس لە دواچرکەکانی لەسێدارەدان دەکات و وبەتاوانی کوشتندا هەڵئەداو دەنوسێ{ علی کیمیاوی لە کۆپتەرەکە دەردێنن،سەیرێکی خەڵکەکە دەکات، بەلەرزەوە لەبەر خۆیەوە بەتەوسێکی پڕلەترسەوە دەڵێت:بۆ ئەمانە هەموو ماون؟؟؟،<u>تیپێکی موسیقای منداڵان بە گوڵەوە دێنە تەنیشت سڵینگەکە،</u> (خەتی ژێر لەمنەوە)دەست دەکەن بە خوێندنی چەندین سرودی نیشتمانی،ئەوجا دایکانی ئەنفال نمایشی شینی خۆیان دەکەن،ئەوسا شاندی سەردشت وزەردەو قامشلو ودەرسیم وباکۆ ..ئامادە دەبن،چۆکەکان علی کیمیاوی گۆشەیەکی 90 پلەیی دروست دەکەن،وەک بینی ئاو دەلەرزێت،خەڵکەکە کش ومات وەک ماستی مەیوو دەنگی لێوە نایەت،علی کیمیاوی لەپەتی قەنارەکە نزیک دەکەنەوە،پەتەکە دەکەنە ملی،زۆری نەماوە برمێتە سەر زەوییەکە،قسەی خۆی دەکات،بەلەرزەوە دەڵێت:پەشیمان نیم لەوەی کردم. سلینگەکە بەتوندی تەکانی پێدەدات و دەبیات بەئاسمانا...تاد} ئەمە کام جۆر لەبیرکردنەدوەیە کە دەیەوێ منداڵان و ژنانی کەس و کار کوژراو ئەنفالکراو بە نمایشی کوشتن و بە بینینی روح دەرهێنانی کەسێک دڵخۆش بکات .؟ ئەم جۆرە لە ستایشکردنی پرۆسەی کوشتنی ئینسانێک (سەرەرای تاوانباری علی کیمیاوی) دەبێ چی پەیامێکی بۆ ئایندەی کۆمەڵگایەک هەبێت و یاسا و مافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی ئەم تۆڵەبازیەدا چ جێگاو ڕێگایەکیان هەیە..؟ لەراستیدا لێرەدا ئینسان بەجۆرێک دووچاری سەرسورمان دەبێت و دەپرسێت.. ئایا علی محمود محمد و ئەندامانی دیکەی ناوەندی چاک هێشتا لە فەرهەنگی ئینسانی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و وولاتانی رۆژئاوا ئەوەندە کەڵکیان وەرنەگرتوە کە توندو تیژی وبرەودان بە سیاسەتی تۆڵەی کوێرانە کردەوەیەکی دواکەوتوانەیەو ئەمە میراتی خێڵەکی ورژێمە فاشیست و دیکتاتۆریەکانە؟ هاوکات تەجروبەی

خەڵكی ئینساندۆستی ئەو وولاَتانە دەیان رێگا چارەو یاسای پێشرەوانەی هێناوەتە دەست بۆ دادگایی كردنی تاوانباران وئاشكرا كردنی راستیەكان ..؟
جێگای وەبیر هێنانەوەیە لێرەدا بۆ جارێكی دیكە ئەو ڕاستیە باس بكرێت كە دادگایی كردنی سەرانی رژێمی بەعس بەو شێوەیەی كە لەژێر سایەی دەسەلاَتی میلیشیا ئیسلامیەكانی شیعە و هێزە داگیركەرەكانی ئەمریكادا بەرێوەچوو بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە دادگایی كردنی رژێمی ناسیونال فاشیستی بەعسەوە نەبوو لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی كەدەرهەق بە ملیۆنەها كەس لە عێراق وكوردستان و ناوچەكەدا ئەنجامیان دا بەڵكو پرۆسەیەكی ساختاكارانەبوو لەپێناو چەند مەبەستێكی سیاسی خۆیاندا بەكاریان هێناو، بەدەركردنی بریاری لەسێدارەدان لەیەک كاتدا هەم تاوانێكیان ئەنجامداو هەم راستیەكانیشیان لەبەرچاو جەماوەردا وون كرد وشاردەوە.

14.12.2007